### بە بۆنەی داگیرساندنی مۆمی دووسەد ساڵەی ژمارەی گۆڤاری (ڕامان)ەوە

# گۆڤاری ڕامان... سازگەیەکە بۆ داهێنانی ڕۆشنبیری

عەباس عەبدوللا یووسف

* هەر نووسەرێک تەمەنێکی دەوێ بۆ خوێندنەوەی کتێب و لەوە کەمتر بۆ خوێندنەوەی گۆڤار، یان ڕۆژنامە، جیادۆخیش هەیە، ئەگەر گۆڤارەکە بتوانێ خوێنەر بۆ لای خۆی ڕاکێشێ و بیکا بە متووی خۆی، ئەوە نیشانەی ئاگاداربوونی گۆڤارەکەیە لە خۆی و خوێنەر و ژینگەی ڕۆشنبیری. سەرەڕای پسپۆڕی و تایبەتمەندێتی، دەکرێ لە ئەمڕۆدا زاراوەیەکی بازارگەری بەکار بێنین و بڵێین (گۆڤار سۆپەرمارکێتێکی ڕۆشنبیرییە)، پێشتر زیاتر دەگوترا (باغێکەو میوەی هەمەجۆری تێدایە)، خوێنەر ئەم پێناسانە ڕەتناکاتەوەو هەندێکیان دەڵێن (بابەتێکی هەر تێدایە بیخوێنینەوە). هەندە گۆڤار بریتین لە کۆمەڵە چاپکراوێک، گۆڤاری ڕامان لەم جۆرانەیە، هەم گۆڤارەو هەمیش کتێب. شاگۆڤارەو خوێنەری وریا هەست بە گۆڤارەکانی ناو ئەم گۆڤارە دەکات، هەروەها بۆ کتێبەکانی ناوەوەی هەمان هەست.

* پێوەری بابەت بڵاوکردنەوە لەم گۆڤارەدا بەپێی زاری نووسەران خۆیان و بەپێی کردەی سەرنووسەر خۆی: بابەتەکە دەبێ خۆی هێزی خۆی بسەلمێنێ، ڕازیکردن و خاترانەش لێرە هەستی پێناکرێ.

* هەڵەی چاپ گرفتێکی بەردەوامی چاپەمەنی کوردییە و هەر لە زوودەمی موتاڵامەوە هەستم پێی کردووە، دواتر وای لێکردم هۆنراوەی (هەڵەی چاپ) بنووسم و لە ژمارە ٧٦ گۆڤاری ڕاماندا بڵاوی بکەمەوە. ئەو ڕۆژەی تێیدا بگەینە چاپکراوێکی بێ هەڵە، ئەوە ئەو ڕۆژە دەبێتە ڕۆژێکی پڕشنگداری چاپەمەنی. سێ جۆرە هەڵە هەیە : ١- هەڵەی چاپ ٢-هەڵەی ڕێنووس ٣-هەڵەی ڕۆشنبیری، لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا بە تەنیا (هەڵچن)، (هەڵەگر)، (هەڵەبڕ) ناو و کاری ئاشکرایەو هەندەجار ئەو کەسە دوو ئەرکەکەی تر بەجێ دەگەیەنێت. وەک ئەوەی خۆم لەوێ بم، ڕامان بایەخێکی زۆری بە مەسەلەی هەڵەی چاپ داوەو هەر بابەتێک چەندین جار سەیر دەکرێ، ئەگەر وشەیەک گومانی هەڵەی لێبکەن، ئەوە سەرنووسەر یان کارمەندانی گۆڤارەکە بەتەلەفۆن (مۆبایل)، یان بە زار، یان بە نووسین، پێوەندی بە خاوەن دەقەوە دەکەن و کێشەکە چارەسەر دەکەن.

لەگەڵ باوبوونی کارکردن بە کۆمپیووتەر هەڵەی قاڵبدار پەیدابوو، ئەویش (هەڵەی فۆنتگۆڕکێ)، من زۆر جار خۆم بە زار، یان بەنووسین لایەنی (بۆنێردراوەم) لەوە ئاگادارکردۆتەوە، بەڵام کە بڵاوکرایەوە وا دەرنەچوو، ڤایرۆسی فۆنتگۆڕکێ گەمانا و گەندبێژەی بەرچاوکردووە، لێرە لە ڕامان ئەم خەمەم نییە.

* سەرچاوەیەکی بە پیتەو دەبێتە فرەفەرهەنگ بۆ زاراوەی نوێ و کۆنی ئەدەبیاتی کوردی و بیانی، هەروەها بۆ هونەر، لەپاڵ ئەمەش بە سەدان و زیاتریش وشە و ئیدیۆمی تێدایە کە تا ئیستا لەهیچ فەرهەنگێک (قامووس) نابیندرێن، فەرهەنگسازان دەکرێ بیاندۆزنەوەو پرۆژەکانیان پێ پڕ بکەنەوە.

* هێڵکێشییەکانی بابەت و کەسایەتییەکانی خۆمان دەبنە (وێنەنامە)یەکی ڕوون و ڕازاوە، تێدا سیماکێشیی بە خەیاڵ و تەکنیکی قەرەنی جەمیل داڕێژراوە، وێنەکانی کامیراش دەبنە (فۆتۆنامە)یەکی نایابی ئاماژەدەر.

* لە زمانانی دراوسێی نزیک و نەختێ دوور، چەندین گۆڤاری بەناوبانگی ئەدەبی و هونەری هەیە، هەندێکیان تەمەندارن و هەندێکی تریشیان جوانەمەرگ بوون، گۆڤارێکی وەک (الآداب)ی بەیرووتی کە لەو ساڵانەی دوایی کەوتۆتە تەنگانەی داراییەوە، درەنگ بڵاودەکرێتەوە، وای لە منێکی خوێنەری کورد کردووە، هیوای بەردەوامبوونی بۆ بخوازم، ئەوە بۆ وان، بۆ ئی خۆشمان بێ سنوور هیوای تەمەندرێژی بۆ گۆڤاری ڕامان دەخوازین.